کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
8-6-2007 13:32بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## داستانی خەم ... مستەفا ئەحمەد سەعید



ئەی نازانی... ؟!
لەڕووباری عەشقی تۆدا،
جۆگەی حەزم هەڵبەستووە...
لە ئینجانەی ڕۆحی تۆدا،
گوڵی ڕازم لی چاندووە ...
لە داستانی خەمی تۆدا،
کاروانی من ڕێ ی کردووە...
ئەی پێم ناڵی ی؟؟!
لەوە زیاتر دەبێ چی بکەم؟
هەناسەکەم کەشتی سۆزت بجوڵێنی.
دە پێم بڵێ؟!
چۆن دەتوانم لە فانتازیای عەشقی تۆدا.
تابلۆیەك بم.. ؟!
چۆن دەتوانم لەم فیراقە؟
ژان و خەمی تۆ بشکێنم.
هاوسەفەری ژیانت بووم.
هەناسەکەم،
بڕوا بکە بە ئەندازەی خەیاڵی تۆ،
سکاڵاشم خۆش ویستووە،
بۆ پێشوازیت... فەرشی سۆزم،
نەك هەر بۆتۆ..،
بۆ هەمووتان ڕاخستووە.

mstafaahmad_saeid@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.